# رەحمەت

خۆم ئەدەمە بەر رەهێڵەی
نیگای ئەم شێعرە کڵۆڵە و
بارانی «شەم»ی هزرم و
باڵەتەپێی «وەلی» و شەتەحی «پەروانە«ی ئەم هەژانە و ...
چاوگەی رەحم؟ و کەرەم؟ی خوا؟!
بێ بەرتیل و ... بێ واستە

▼▼▼

نیوەشەوی ئەشقێ چڕ و
نیوەڕۆ و گەرماژۆی رەحمەت،
داویانەتە سەرتاپام و .
رەحمەت سەنگە و
گرتوومیەتی
رەحمەت
بۆتە ... خۆرەی بێبرین
لە گیانمدا !
رەحمەت رەحمەت
رەحمەتی ... خوا؟
لە رەحمەت بێبەشمان نە؟کەی !...
ئەی خاوەن؟ی ... رەحم؟ ... رەجم و ... کە-ر؟-ە-م؟
رەحمەت ، رەحمەت ...

،لێی؟ زڕاندووم
ساڵەهایە
رەحمەت
داویەتە سەرتاپام . ... رەگی گولی.
... رەحمەت
وەک «گەرماژۆ» و وەکوو «ئەسپێ»
هەموو رۆژێ بەر ئەبنە عەنامم و . لەحنەت ... .

▼▼▼

ئێستا رەهێڵەی رەحمەتە و تۆفی رەحمەت ...
بە ناو شارا
رەحمەت؟ی خوا؟ و ...
رەحمەتی خەجیجەکوێرە[1] و
رەحمەتە کوێر[2] .

---

١ - شێتێکی مەریوانە «خەجیجە کوێرە» ناوی زڕدایکی بوو .

ئێسته ڕەحمەت له ناو شارا
تۆفانیەتی و ... .
«سێ»یان ... سێ «کلو»؟ ... سێ «تاو»ن
له دەشتما و ... له باخچەما ... دایان‌داوه
کلویەکیان ... « تریشقه»ی باوەژنی کوێر
ێـنـێ
فـڕ
ئـه
ر
و
ژ
و
ره
سـه
کلویێ ... چاوێ خۆی کوێر و
دواکلویان هەر دوو چاوی خۆیشی کوێر و
تاکوو ئادەم؟ و پێش ئەویش
بن و بنەچەی کوێر بوون و ...
شەل و کوێره ... ناپارێزێ
هەر تاوێک و
چۆلەکەیێ
د
قالاوێک و ... داڵەکەر خۆرەیێ
ئـه
خ
ا
ت
و
ئەم سێ ڕەحمەته بێوڵەته
وەک بێوەژن، ... له ڕەحمەتی »شوو».بێ بەش بێ
هەر ساتێک و ...
سەر له سەر ران کۆلانێک و ... شەقامێکدا
پرخەیان دێ و ...
هەر شەوێکیش
له باخەڵی جۆگەیەک و ...
هەتیومەتیوجەللادێکا ...
ئاو ئەیان‌با !
لەم سێ ڕەحمەته بێوڵەته
«دوان»مەکەوێ کڵوڵەکان
خوا؟ی گەوره؟یش ئەوەکەی تریان !
ئەوانەی من
دوو ڕەحمەت و
دوو جۆگەلەی ... یەک برینن
دوو بروسکه و
دوو زۆڵەکی بن‌کڵیشەی ... یەک ئاسمانن
دوو ڕەحمەت و ...
دوو لەحنەت و ... یەک نەگبەتن
ئەوی ئەم‌لایش
قەحبەیێکی مالانگەڕە
هەر ساتێک و
له باخەڵی «شواڵپیس»ێکا

---

٢ - منداڵێکی وەیلانی شەقامانی مەریوان بوو باوکی له تەمەنی 5 - 6 ساڵیدا له ماڵ دەری کرد. له دەرەوه به دری و فزی ئەژیا. هەتا رۆژێک له 13 ساڵیداله بەر پادگانی مەریوان ماشین لێی دا و کوشتی .

ئەی‌بوێرێ

رەحمەتی من لە غەزەبی خوا؟یش بێبەشن      ئەو؟  گەوادە بۆیان ناکا
بێ خاوەنێکی وەیلان و   وێڵ‌کراون
رەحمەتی من ... !      رەحمەت  ،  رەحمەت

رەحمەت لە خوا؟یش تەنیاترن
ئەو جارجارێ   تەک غەزەب و ...
زۆڵەکان‌ی و ...
ئەم و ئەوا ...
دائەنیشێ
ئەمانەی من  هەر خۆیان و
ئەژنۆ و  دەست بەرئەژنۆیان و
سەرگەردانی !

رەحمەتی خوا؟ کە پێت ئەگرێ

تەک لەشکرێ هەور و ...
بروسکە و ...
گڕکان و ...
بومەلەرزە و ...
لافاو و ...
جەللادا ...
دێت و ... !

ئەمانەی من
هەر خۆیان و
بازۆڵە رووتەکانیان و
دزی و  فزی و  چاوچنۆکی
شەقام و  رێ  دائەگرن و   ،
ئەیان‌بەستن .

رەحمەت   لە لای من میوانن
یەکێکیان ئەڕوات، بەن نابێ
ئەو عالەمێ هەتیومەتیو بەتەماین    لە  نەهەشتا! .
رەحمەتە کوێر       وەکوو بەفرەکەی پارەکە  ئەچێتەوە
رەحمەتی خەجیجە کوێرەش
لە دڵما ... و لە گیانم...و... هی شەقاما
هێشتا ... هەر                     خ    ە  ... !!
ۆ    ن
ر    ی
ە    ر
و...    ب

---

**تێبینی:** ئەم رەحمەتانە دوان بوون هەتا شەوێک بوون بە سیان، یەکیان مرد و لە دوای مەرگی تەک ئەوانا
لە ناوشار و... ژوورەکەم و .. لەگیانما ... وەک ئەم شێعرە، چلەی هاوین، پەڵەیان‌دا!